# سیزیف بۆ تەنها جێتهێشتم؟

کەریم دەشتی

(١)
کە زمانم پژا فەزا پڕ بوو لە گیای شیعر
مەلی زمانم لە نێو ڕەوزان هێناوە
کە دەنگم شکا دەریا پڕ بوو لە مرواری
دەنگی شکاوم بە زەبری ئازار هەڵێنایەوە
کە ڕەنگم پەڕی دارستانەکان سەوز هەڵگەڕان
ڕەنگی پەڕیوم بە زەیتی ئەبەد هەڵێنایەوە
کە خوێنم ڕژا سەرزەوی هەمووی سوور سوور هەڵگەڕا
ئەو خوێنە چۆن کۆکەمەوە؟

(٢)
بە دوای ڕستەیێ ئەگەڕێم
ئەبەدییەت لە نێو دڵی چرکەساتێ بخەملێنێ
تاریکایی هەموو دونیا
لە نێو چاوی تاقە مۆمێ داگیرسێنێ
ڕۆح لە مەرگ بشارێتەوە
چی نهێنی ژیان هەیە لە نێو لمی ئاشکرایی
وەکو زیو شەوق داتەوە
ئەمەوێ وابکەم.
کەی وەک هەتاو دێتە ناو بورجی منەوە؟

(٣)
برینە گەشەکانم بەو تروسکە کزانەی
کە لە نێو ڕۆحماندا ماون سارێژ کرد
بۆ چەند ساتێ حەساینەوە
بەڵام هەمدیس لەبەردەم ڕەشەبای توورە
بووین بە درەختێکی کلۆر
خۆمان نەگرت شکاینەوە

(٤)
درەختێکی هەڵپاچراو، بە حەسرەتێکی ئەبەدی
لەتەک دەمی تیژی تەورەکەوە تەرم ئاسا ڕاکشاوە



(٥)

ئەوتەمی جەستەی تۆ ئاییینی منی هەڵمژیوە
پەرستن هەر تەنها بۆ تۆ چەمکی هەیە

(٦)

لە پشت دەنگی وردوخاشبوونی تاشە بەردێ
زیوی هاواری ئەشەکێتەوە
لەژێر تارای کاژی سپی نیشتیماندا
تیرەماری ژەهر ئەبەشێتەوە

(٧)

لە کتێبی گوماندا پەرەگرافێکم دۆزییەوە
تراژیدیای ژیانی تیابوو
لە دڵی پەرەگرافەکەدا ڕستەی یەقینێ ڕایتەکاندم
لەگەڵ ڕستەی هەموو جیهاندا جیا بوو
لە نێو ڕستەکەدا وشەیەکم دۆزییەوە
لە فەرهەنگی هیچ بوونەوەرێ نەمابوو

(٨)

**گونجانێکی قەلەق**

ڕاوچی بەدوای نێچیر کەوتووە
گۆرانی بۆ ئەچڕێ و ئەیلاوێنێتەوە
پاشان شەرابی سووری بەسەرا هەڵئەقوڕێنێ
مناڵەکە بە تامێکی ئەبەدی
سەری مارەکەی گرتووەو هەڵیئەمژێ
گۆڕ هەڵکەن گۆڕ لێئەداو نوکتە ئەگێڕێتەوە
عاشقەکەش دڵی پڕ ئاگرە
ڕووت و قووت بە ناو زریانی ژیان ئەسووڕێتەوە

(٩)

شەبەیخوونی هەموو ڕستە گەورەکانی ناو کتێبان
خاڵێکی بچووک ئەیوەستێنێ
سەرەتای هەموو چەمکە قووڵەکان
مەبەستێ ئەیترووکێنێ
چاو تەنها پەلکی شتەکان بەدی ئەکات
بەڵام ئەوە دڵە جەوهەری ئینسان ئەبینێ

(١٠)

**سیزیف بۆ تەنها جێتهێشتم؟**

بەردێک بووم بێ هەست و بێ خوێن
لە دوورترین بناری بێ مانایی ژیان
سیزیف وازت لێ نەهێنام
هەتا مانای هەموو بوونت لەسەر ناوم کۆکردەوە
بەردێک بووم تەنهاترین بەرد
باران ئەهات ئەیشووشتمەوە
ئەبووم بە ئاوێنەی هەتاو
زریان ئەهات دڵی فێنک ئەکردمەوە
سیزیف هەر وازت نەهێنا
بەردێک بووم لە پەنایەکی دووری دونیا
ماندووەکان ئەهاتن لە سێبەرما پشوویان ئەدا
سیزیف هەر وازت نەهێنا
تا بووم بە ڕەمزی سەرزاران
هەموو ڕۆژێ منت ئەگەیاندە لووتکە و
لەوێ گلۆرت ئەکردمەوە
سیزیف هەر وازت نەهێنا
ئێستایش وا لەناو ئەم دۆڵانە
دەنگم سەدا ئەداتەوە
گەر دۆستم بای وا ئێستانت نەئەشکانم
سیزیف بۆ وازت نەهێنا لەم هاتوچۆیەت ڕاهێنام
لە قووڵایی زەمەن کەوتووم کێ ئەمباتەوە بۆ لووتکە
هەمدیس گلۆرم کاتەوە؟
ئای کە ئێستاکە بێ مانام

(١١)

نە ئاگر ئەناسمەوە، نە پووش
وەها تێکەڵی یەکبوونە
نە شمشێر ئەناسمەوە، نە خوێن
وەها تێکەڵی یەکبوونە
جەستە چەشنێ لە قوڕی مێژوو گیر بووە
نە جەستە ئەناسمەوە نە قوڕ
زمان وەها تێکەڵ بە بوون بووە
نە پیتەکان ئەناسمەوە، نە ڕستەکان
سەرم وەها تێکەڵ بە مەجازی گومان بووە
نە فریشتە ئەناسمەوە، نە شەیتان

(١٢)

کورت ئەبمەوە، درێژ ئەبمەوە
پان ئەبمەوە، خڕ ئەبمەوە
باریک ئەبمەوە، ئەستوور ئەبمەوە
ئەبم بە بازنە، ئەبم بە لاکێش
ئەبمە شەش پاڵوو، ئەبمە سێگۆشە
ئەبم بە سێ سووچ، ئەبمە چوار گۆشە
ئا ئەوە شیعرە ئیرادەی لە من سەندووە
شێوەی تازەم پێ ئەبەخشێ
دوام ئەخات و ئەمباتە پێش
ئەمرووخێنێ و دروستم ئەکاتەوە

(١٣)

هەر لە سەردەمی دروست بوونەوە
شتێ لە سینەی شاعیر ون بووە
جار جار وەک تیشکێ
دێتە بەر چاوی ون دەبێتەوە
بۆیە هەر جارەی شتێ لە جەستەی ئەم ون بووەدا
دەکاتە بەری شیعرەکانی خۆی
پاشان ئەزانێ کەوا هەر خۆیەتی لە خۆی ون بووە

(١٤)

لەمێژ بوو لە ڤیتارەکە دابەزیبووم
کە بیرم کەوتەوە کتێبی گوڵە بەدیۆمەکانی بۆدلێرم
لای کچەکە جێهێشتووە
بەڵام زوو بیرم کەوتەوە کە ئەویش
هەموو جوانییەکانی لەناو دڵم جێهێشتووە
بە جوانییەکانی ئەو سەدان ساڵ ئاگری دڵ دائەگیرسێنم
بە کتێبەکەش سەدان ساڵ ئاگری سەر ئەکوژێنمەوە
بە جوانییەکانی ئەویش سەدان ساڵ ئەسووتێم

(١٥)

**کە لە دەرگای شووشە ژەهراوییەکەی ژیان هاتمە دەرەوە**
هەموو شتەکان لەبەرچاوم شیرین بوون
بەرد گۆرانی بۆ زەوی ئەچڕی
ئاو لە خنکان نوقم بووبوو
لووتکەکان سوژدەیان بۆ خەرەندەکان ئەبرد
مردووەکان نووسراوی سەرکێلەکانی خۆیان ئەخوێندەوە
نەمزانی ئەوە سەری خۆمە پڕلە زیوی شیعر بووە،
**کە لە دەرگای خەونە جوانەکەی ژیان چوومە ژوورەوە**
هەموو شتەکان لەبەر چاوم ناشیرین بوون
بەرد سەری زەوی ئەشکاند
کەنار نەوڕەسی باڵ ئەکرد
خەرەندەکان لووتکەیان وردوخاش ئەکرد
زیندووەکان بە پاچی وەڕەسی گۆڕیان بۆ خۆیان هەڵئەکەند
زانیم ئەوە سەری خۆمە خاڵی بووە لە گەوهەری شیعر.